# ئاگادارییەک لەکۆمیتەی خەڵاتی زێڕینی بلە بۆکەسانی نمونەیی



وەك هەمووان ئاگادارن لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە، ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد، ساڵانە و لە ٨ی نیساندا، ساڵڕۆژی کۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، خەڵاتی زێڕینی بلە بۆکەسانی نمونەیی پێشکەش ئەکات و ئەم کەسانە ئەگرێتەوە:

-دایکی نمونەیی
-خوێندکاری نمونەیی
-پێشمەرگەی نمونەیی
-نوسەری نمونەیی
-هونەرمەندی نمونەیی
-کارمەندی نمونەیی

ساڵانە و لەلایەن کۆمیتەکەمانەوە و دوای راوێژ و بەدوادا چوون ئەو کەسانە دیاریی کراون و خەڵاتەکەیان پێشکەش کراوە. بەڵام بەردەوام کۆمەڵێك کەس کەخۆیان بەشایستەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە زانیوە گلەییان کردووە.

بۆخەڵاتی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بەم ئاگادارییە بوار بدەینە هەموو ئەوبەڕێزانەی خۆیان بەشایستەی وەرگرتنی یەکێك لەو شەش خەڵاتە ئەزانن، تاخۆیان کاندید بکەن.

بۆیە هەر بەڕێزێك ئەیەوێت بەشداری بکات، تکایە لەئێستاوە تارۆژی٢٠١٠/٣/٢٠ (CV)ی خۆی، واتە زانیاریی تەواو سەبارەت بەخۆی بنێرێت بۆنوسینگەی (پرۆژەکانی سکرتارییەت) لەشەقامی سالم، نزیك (مزگەوتی حاجی جەمال).

بۆزانیاریی زیاتر رۆژانە ئەتوانن لەسەعات ٩ی بەیانی تا ٣ی پاش نیوەرۆ پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن: ٣١٢٩٣٤٧